# جێبەجێكردنی ماددەی ١٤٠ زامنی ئاشتی و پێكەوە ژیانە



## ١٤٠ نەخشەی ڕێگا!

(كۆتایی)

لە هەفتەی ڕابردوودا لە توركیاو بە دەستی توركیاو بە پارەوپوولی ئەو، كۆبوونەوەیەك بۆ بەناو نەیارانی عێراقی نوێ گرێدرا! لە ماوەی ڕابردووشدا لە نێو میدیای عەرەبیدا بیرۆكەی ئەوە لە گۆڕێدابوو كە "تەنها توركیا دەتوانێ كەركوك لە كورد وەربگرێتەوە"!

هاوكات لەو ئانو ساتەدا وەختێك كە ڕاپۆرتەكەی بیكەر-هاملتۆن پرۆتستۆكرا، ئەردۆگانی سەرۆك وەزیرانی توركیا بە ڕاپۆرتێكی باشو واقیعی وەسفكرد!!

هەر لە نێو ئەو سەرەداوەی توركیا بە بارودۆخی عێراقەوە، لە دانیشتنی دادگاییكردنی سەدامدا، بەڵگەی هاوكاری نێوان توركیاو عێراق لەبارەی شاڵاوی ئەنفال خرایەڕوو، وێڕای دەیان لێدوانو قسەو قۆڵۆكی كۆنو نوێی بەرپرسانی توركیا دژ بە خواستە ڕەواكانی گەلی كوردستان..

ئەو هەڵوێستانەی توركیا كۆنو زانراوو ئاشكرا، بەڵام بیرۆكەی گرێدانی كۆبوونەوەیەك بۆ هەندێك بەناو سوننەی عەرەبی عێراق شتێكی تازەیەو دەبێ بەشێوەیەكی تەندروست مامەڵەی لەگەڵدا بكرێ، بەپێی ئەو بیرۆكەیە توركمانی كەركوك توركیا كاریان لەسەر بكاتو، لەولاشەوە ئەوەی پشتگیری پیاوانیان بكەن لە عێراق بە گشتیو لە كەركوكیش بەتایبەتی! ئەوەش كارێكی تەواو مەترسیدارە بۆ مەسەلەی جێبەجێكردنی ماددەی "١٤٠" چونكە لە هەموو ئەو ناوچانەی پەیوەستە بە ماددەكەوە جۆرێك لە تێكەڵاوی لەو بارەیەوە هەیە لە نێوان كوردو توركمانو سوونەو.. هتد..

بۆیە دەبێ لە ئاستی ناوخۆی كوردستانەوە بەشێوەیەكی ژیرانە مامەڵە لەگەڵ دەرهاوێشتەكانی كۆبوونەوەكەی ئەنقەرەدا بكرێتو، لە ئاستی میللیش پرۆتستۆ بكرێت وەك چۆن لە ئاستی فەرمی ڕەتكرایەوە، چونكە پێم وایە لێكەوتەكانی ئەو كۆبوونەوەیەش ترسەكانی كەمترنین لە ڕاپۆرتەكەی بیكەر-هاملتۆن.

عەبدوڵڵا خالید

# كوردو هەنگاوەكانی لە دوای ڕاپۆرتی (بیكەر-هاملتۆن)

پارێزەر: سەلام كانەبی سەعید

پاش ڕاگەیاندنی ڕاپۆرتەكەی (بیكەر-هاملتۆن) جۆرەها شیكردنەوەی بۆ كرا، چ بە وتار یان كۆڕ یان سیمینار یان دیداری تایبەت، ڕاپۆرتەكە هەر چۆنێك بێت ڕاگەیەنراو كاریگەریشی لەسەر سیاسەتی ستراتیجی ئەمریكاش دەبێت لەو سیاسەتەی ئەمڕۆكە كە ئەمریكا پەیڕەوی دەكات لە عێراقو ناوچەكەدا، بەراستەوخۆو ناڕاستەوخۆش كاریگەری لەسەر ئێمەی میللەتی كوردیش دەبێت، پێش نووسینی ڕاپۆرتەكە بۆ ئێمە گرنگ بوو تا ئەو كاتەی ڕاپۆرتەكە نەنووسرابوو، بەڵام دوای نووسینو ڕاگەیاندنی لەگەڵ پێش نووسینی چ ناكرێت، بۆیە دوای نووسینی ڕاپۆرتەكە بۆ ئێمە گرنگە..

میللەتی كورد دوای لە ڕاپەڕینی ١٩٩١ەوە خۆی بە دۆستی ئەمریكاو هاوپەیمانان دادەنێ، بەتایبەتی پاش ڕووخانی ڕژێم بە هاوپەیمانییەكی بەهێزی خۆی دادەنێ هەر بۆیەش لای میللەتانی ناوچەكە جۆرەها ناوو ناتۆرەمان لێنراوە، بەڵام لە سیاسەتكردندا هاوپەیمانی ستراتیجیو تاكتیكی هەیە تاكتیكەكەش لە خزمەتی ستراتیجەكەدایە بەردەوامیش لە گۆڕاندایە، خاڵێكی تری گرنگ ئەوەیە لە سیاسەتی ئەمریكاو هاوپەیمانان نەدۆستایەتیو نە دوژمنایەتی تاسەر نییە، بەڵكو بەرژەوەندی تاسەر هەیە بۆیە ئەمریكا بەرژەوەندی خۆی لە ناوچەكە بەو بەرژەوەندییانە نادات كە لە ئێمەی دەست دەكەوێت، ئەمریكا لە ناوچەكەو عێراق بەتایبەتی دوای بەرژەوەندییەكانی خۆی كەوتووە بەهەر شێوازێكیش بێت بەرژەوەندییەكانی خۆی دەپارێزێت، ئەمڕۆ لە عێراق دوای ڕووخانی ڕژێم بەرژەوەندییەكانی ئەمریكا ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو خراپ بوون دەچێت، بۆ ئەم مەبەستەش چەند لیژنەیەكی پێكهێنا بۆ ئەوەی ڕێگا چارەیەك بدۆزرێتەوە تاكو زیاتر بەرژەوەندییەكانی پارێزراو بێتو لەتەنگژەی ئەم ڕۆڵە عێراقیش ڕزگاری بێت بەتایبەتی بۆ خودی سەرۆكی ئەمریكاو حزبەكەی، بۆیە دەرئەنجامەكانی عێراق كاریگەری سلبی هەبوو لەسەر هەڵبژاردنەكانی ئەمریكا بۆ بۆشو حزبەكەی، بۆیە بۆش دەیەوێت شتێك بكات لەعێراقدا كاریگەری هەبێت لەسەر ڕای گشتی وڵاتەكەی تاكو لە هەڵبژاردنەكانی سەرۆكایەتی داهاتوودا ئەم شكستەی ئەنجومەنی پیرانو نوێنەران پڕ بكاتەوە..

لە پاش ڕووخانی ڕژێم چ وەك میللەت چ وەك ناوچە لەعێراق، كوردستان باشترین هێزو لایەن بوو بۆ پاڵپشتی كردنی سیاسەتی ئەمریكا بۆ سەرخستنی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا، كە خودی ئەمریكا سەركردایەتی دەكات، بەڵام لە سیاسەتی ئەمریكادا تاوەكو ئێستا هەڵوێستێكی ڕوونو ئاشكرای نییە بەرامبەر مافو داخوازییەكانی میللەتی ئێمە بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییەش چەندین نموونە دێنینەوە كە بەرپرسانی ئەمریكا لە چەندین سەردانو لێدوانیاندا ئاماژەیان پێكردووە كە بەشێوەیەكی واقیعی پێكهاتەو تابلۆی سیاسی عێراق ناخوێننەوە، ئەم لێدوانانەش تەعبیر لەهەڵوێستو سیاسەتی ئەمریكا دەكات، بۆ نموونە لە كاتی هاتنی وەزیری دەرەوەی پێشووی ئەمریكا بۆ هەڵەبجەی شەهیدو لەسەر گڵكۆی شەهیدان وتی( موژدەو دەدەمێ ئێوە جارێكی تر ناكوژرێنەوە) وەك ئەوەی ئەو هەموو قوربانیەی میللەتی كورد داویەتی تەنها بۆ ئەوە بووە نەكوژرێین، یاخود لە كاتی هەڵكردنی ئاڵاو دەرهێنانی نەوت لە كوردستاندا كە سەرۆكی هەرێمی كوردستانو حكومەتی هەرێمی كوردستان بە گوێرەی دەستووری عێراق هەنگاویان نا، پاش ئەو هەڵایەی لەعێراق دروست بوو ڕاستەوخۆ ئەمریكا هاتە سەر خەتو لە ڕێگەی وەزیری دەرەوەی ئێستا (كۆندالیزارایس) بەشداری تێداكردوو لە سەفەرەكەیدا بۆعێراقو هەرێمی كوردستان، كۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆكو سەركردایەتی سیاسی كورد كردو هەڵوێستی ئەمریكا بۆ ئێمە باش نەبوو، لە كەركوك جگە لەوەی نایەوێت ماددەی (١٤٠) جێبەجێ بكرێت پێشوەختەش هەڵوێستی سوپای ئەمریكا لەو شارە بەرامبەر ئێمە باش نەبووە كە سەربازی ئەمریكی ئاڵای كوردیان لەسەر دوكانەكان دادەگرت، ئەمەش لە خۆڕا نەبوو ئەگەر ڕێنماییان بۆ نەهاتبێ، یان لە كاتی دەركردنی بڵاوكراوەیەك لە كەركوك لەلایەن سوپای ئەمریكییەوە بە هەرێمی كوردستانیان دەگوت باكووری عێراق یان لە كاتی نووسینەوەی دەستووردا پاڵەپەستۆی ئەمریكا دیاربوو لەسەر لیژنەی كوردی كە ئەركیان نووسینەوەی دەستوور بوو لە بەغدا، بۆیە زۆر گرنگ بوو كورد لە كاتی دەسەڵاتی (برێمەر) كە حاكمی ڕەهابوو لە عێراق كێشەكانی یەكلایی بكردایەوە چونكە ئەوكات دەوڵەتی عێراق دروست نەببۆوە، سوپای بەهێزی نەبوو ئەو هەموو حاكمەی ئێستای نەبوو، دەستوور نەنووسرا بوو..

بۆیە ڕابردوو گرنگە بۆ داهاتوو سوودی لێ وەربگیرێت پێم باشە سەركردایەتی سیاسی كوردستان چەند هەنگاوێك بهاوێژێ پاش دەرچوونی ڕاپۆرتەكە ئەم هەنگاوانەش من لەم چەند پێشنیارە ئەیان خەمەڕوو..

١-بەرەیەك بۆ ناوخۆی ئەمڕۆی كوردستان زۆر گرنگە، هەرچەندە كورد بە لیستێك بەشداری لە هەڵبژاردنەكانی عێراقیدا كرد كە ئەوە سەركەوتنێكی زۆر گرنگ بوو، بەڵام پێویست دەكات ئەم لیستە فراوانتر بكرێت لە ژێر چەترێكی كوردستانی هەموو پارتەكانی تری دەرەوەی ئەم لیستەش بگرێتەوە، زۆر گرنگە ئەو بۆشاییەی ئەمڕۆكە لە نێوان حكومەتو خەڵكدا دروست بووە پڕ بكرێتەوە، هاووڵاتییان بە گشت چینو توێژەكانەوە حكومەت بەهی خۆیان بزانن‌و پاڵپشتی بكەن، بۆ هەر بڕیارێكیش ڕای میللەت وەربگیرێ، پێویست دەكات هەرچی زووە ئەو وەزارەتانەی تێكەڵ نەكراوەنەتەوە تێكەڵ بكرێنەوە.

٢-لۆبی كوردی واتە پەیوەندییەكانی دەرەوە بەهێز بكرێت لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیو ناوچەیی، بەتایبەتی لەگەڵ ئەمریكاو بەریتانیادا، كە ئەمڕۆكە دەسەڵاتدارن لە ناوچەكەو عێراقدا، ئەویش لە ڕێگای نوێنەرەكانمانو پەیوەندییە شەخسییەكانو هەر ڕێگایەكی تر بێت لەگەڵ سەرۆكو ئەندام پەرلەمانو حكومەتو كەسایەتی سیاسیو ڕۆشنبیری ئەو وڵاتانە بێ بەهەر شێوازێك بێت..

٣-بەكارهێنانی كارتی سیاسی دەست دەسەڵاتی كوردی لە ڕێگەی خۆپیشاندانو واژۆ كۆكردنەوەو ئەو هەنگاوانەی بەم دواییە هاوێشتی پێویست دەكات درێژەی هەبێتو لە كاتی گونجاودا ئیشی پێبكرێت، ئەگەر پێویست بكات كشانەوە لە حكومەتی بەغدا، یاخود ڕاپرسی دەربارەی شتە چارەنووسسازەكان.

٤-كۆنگرەی ئاشتەوایی لەعێراقدا بەهێز بكرێت كە ئێستا هەوڵی بۆ دەدرێت لەگەڵ ئامادەبوونی سەركردایەتی كورد لە بەغدا وەك نوێنەری حكومەتی كوردستان نەك وەك نوێنەری حكومەتی عێراقو بەناوی عێراقەوە قسە بكات، بۆ گفتوگۆكردنو ڕاگۆڕینەوە لەگەڵ تێكڕای لایەنو پارتو كەسایەتییە سیاسییەكانو عێراقیو بیانی بە مەبەستی بنیاتنانی پێگەیەكی سیاسیو میللی پتەو بۆ حكومەت لەگەڵ دۆزینەوەی ڕێگا چارەیەك بۆ ئەو بارودۆخەی ئەمڕۆی عێراق پێیدا تێدەپەڕێت..

# چۆن بڕوانینە ڕاپۆرتەكەی -بیكەر-هاملتۆن

ئەحمەد عارف

دیارە هەر ڕاپۆرتو گۆڕانكارییەك هەوڵێكن بۆ گۆڕانكاری لە ناوچەكەدا، دوور یان نزیك پرشكێكی بەر گەلی كوردستانیش دەكەوێت، بۆیە پێویستە خەڵكی شارەزاو لێهاتوومان هەبێت بۆ ئەوەی توێژینەوەی لەسەر بكاتو ئەنجامی زانستیانە بداتە سیاسەتمەدارانو خاوەن دەسەڵاتی كوردستان، نەك وەك ئێستاو بەبێ بەرنامەیەكی ڕوونو دیاریكراو هەریەكە لە ئاشێ لێ بكاتو كەناڵەكانی ڕاگەیاندنیش بێ ئاگایانە بكەونە نێو بازارەكانو ڕاو سەرنجی خەڵكانێك وەربگرن كە نازانن مەتنی ئەو ڕاپۆرتە چییەو چەند خاڵی كورد سەغڵەت دەكاتو چی ڕەتكەنەوەو چی پەسەند بكەن، پێویست بوو بەرنامەیەكی هاوبەش، بە گوتاری هاوبەش لە گشت كەناڵەكانمانەوە ڕووبەڕووی شەقامی كورد بكرایەتەوەو گشت وردەكارییەكانی ڕاپۆرتی بیكەر-هاملتۆنی بۆ جەماوەر بە گشت توێژەكانیەوە (خوێندەوارو نەخوێندەوار) بەیان بكردایەو لەبەر ڕۆشنایی ئەو حاڵەتەدا داوا لە خەڵك بكرێت چی بكەن.. لێتانی ناشارمەوە سێ یەكی كورد لەمە گەیشتوون، هەندێ خەڵك ئەوەندە بەستەزمانن كە پێیان دەڵێیت ئیمزا بكەن دژ بەو ڕاپۆرتە یەك ڕاست پێت دەڵێن "جا حكومەتی هەرێم چی بۆ كردووین، ئاو، كارەبا، نەوت سوتەمەنی زۆرە؟!") دیارە ئەمە ئەوپەڕی بەدحاڵی بوونی خەڵكەو بێ بەرنامەیی بەرپرسانیشە، بۆیە دەبێت هەر لە ئێستاوە تا دوانەكەوتووەو وشە زەنگی ڕاپۆرتەكە ئاسمانی كوردستانی تاریك نەكردووە، یان هەوڵێ بدەین لەم تەقلیدە دەربچینو بە توێژینەوەی زانستیو بەشێوەیەكی مەدەنیانە ڕووبەڕووی خاڵەكانی ئەو ڕاپۆرتە بكرێنەوە كە ژیانی كورد، داخوازییەكانی كورد دەخاتەوە ژێر پۆستاڵی ئیمپیریالیەتەوەو جارێكی دیكە بیانەوێت كۆتو بەندیخانە بخەنە دەستو پێی ویستی ڕەوامان..

بە بۆچوونی من ئەم ڕاپۆرتە بۆ ئەوە هاتۆتە كایەوە كەوا ئەوەندەی بكرێت شكستەكانی جۆرج بوش دا بپۆشێتو بتوانێ بە چەند هەنگاوێك لە قەیرانی عێراق بێتە دەرێ، ئەمەش خۆی لە خۆیدا دەبێت گەلانی عێراق ببنە قوربانی بۆی، هەڵبەتە ئەوەی ئەمڕۆ ڕاستەوخۆ دژ بە ئیرادەی گەلی كوردە دواخستنی گەڕانەوەی كەركوك بۆ سەر هەرێمە، ئەویش بە ئیفلیجكردنی ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراق كە سەبارەت بە ئاسایی كردنەوەو ریفراندۆمی كەركوكە، لەلایەكی دیكەوە دەست بەسەرداگرتنی سەروەتو سامانی نەوتی كوردستانە بۆ ئەوەی لە مەركەزی عێراقەوە كاری پێ بكرێت، دواتریش دەسكاریكردنو گۆڕینی دەستووری عێراق لە ڕێگای نەتەوە یەكگرتووەكانەوە كە بۆ خۆی دەبێتە مایەی كەم دەستكردنەوەی گەلی كورد لە عێراقی داهاتوودا.

دەكرێت ئێمە لە ڕاپۆرتەكە بترسین، بەڵام ناكرێت خۆمان بترسێنینو دەستەو ئەژنۆ چاوەڕوانی قەدەری خۆمان بكەین لە سایەی ئەم ڕاپۆرتەدا، كە ترساین ئەو كاتە هەوڵێ دەدەین بۆ خۆ دۆزینەوە لە ئایندەیەكی نادیاری ناوچەیەكی پڕ شەڕوشۆڕو دوژمن كاریدا، هەوڵەكانی لە چارەسەردا چڕ دەكەینەوە، بەڵام كە خۆمان ترساند ئەوكاتە دەبێ لە هەوڵی ئەوەدابین.. بۆیە دەكرێت میللەتەكەمان لەسەر ئەوە ڕابهێنین نەترسینو هەوڵی خۆبدەینو دەستبەرداری گرفتەكان نەبین.



# بەیاننامەیەكی ناڕەزایی لە مەكتەبی تەنفیزی یەكێتی جووتیارانی كوردستان

بەناوی خۆمانو سەرجەم جووتیارانی كوردستانەوە ناڕەزایی دەردەبڕین چەند بڕگەیەك كە لە ڕاپۆرتەكەی (بیكەر-هاملتۆن)دا هاتووەو بە ئاشكرا پێچەوانەی ویستەكانی گەلی كوردستانن، ئەو گەلەی كە ساڵانێكی دوورو درێژە خەبات دەكات لەپێناو فیدراڵی بۆ هەرێمی كوردستانو چەسپاندنی دیموكراسیەت لە عێراقدا بەشێوەیەك كە مافی سەرجەم تاكەكانی كۆمەڵگای عێراق دابینو فەراهەم بكات، بێگومان بڕگەكانی تایبەت بە ماددەی (١٤٠) لە دەستووری عێراق دەربارەی هێوركردنەوەی بارودۆخی نائاسایی شاری كەركوكو گەڕاندنەوەی داهاتی هەرێمەكانو پارێزگاكانو جێبەجێنەكردنی یاسای فیدراڵیەتو چەند بڕگەیەكی تر كە لەو ڕاپۆرتەدا ئاماژەی پێكراوە هەموویان پێچەوانەی ماددەكانی دەستووری عێراقن كە زیاتر لە ٧٠٪ی گەلی عێراق دەنگی پێداوە، بۆیە لێرەدا بە پێویستی دەزانین هەموو دەست تێوەردانێكی دەرەكی ڕەتبكەینەوە كە بیەوێت پێشێلی ویستەكانی گەلی عێراقو ماددەكانی دەستوور بكاتو هەر پێشنیارو بڕیارێك كە لە دەرەوەی دەسەڵاتی عێراقییەكانەوە بێت زیاتر بارودۆخی سیاسی عێراق گرژو ئاڵۆزتر دەكات بۆیە دەبێت هەر بڕیارێكی سیاسی یان ئابووری هەڵقوڵاوی ویستو ئیرادەی عێراقییەكان بێت بە كوردو عەرەبو سەرجەم كەمە نەتەواییەتییەكانیەوە، نەك هەر لایەنێكی تری دەرەكی.

مەكتەبی تەنفیزی یەكێتی گشتی جووتیارانی
كوردستان/سلێمانی
١٤/ ١٢/ ٢٠٠٦